# تەوەرێک لە سەر نەخۆشیەکانی گوورچیلە-Nephrotic diseas

گوڵاڵە پشدەری
Qualified Nurse



**پێرست**

**1- گوورچیلەکانت زۆر گرنگن بۆ ژیان**
**2- گوورچیلەکانت چۆن کار ئە کەن؟**
**3- توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بارەی گوورچیلەکان**
**4- گوورچیلەکان و بەرز بوونی پەستانی خوێن-** Hypertension
**5- گوورچیلەکان و نەخۆشی شەکرەی خوێن-** Diabetes
**6- گوورچیلەکان، نەخۆشی گوورچیلەکان و توانای زاوزێ**
**7- کێشەی ویراسی بلۆقە کانی گوورچیلە** Genetic Kidney Cyst
**8- بەردی گوورچیلە-** Kidney Stone
**9- التهاب ڕێگای میز-**Cystitis Inflammation&Urethritis Inflammation
**10- التهابی بەشی پاڵاوگەی(فیلتەری) گوورچیلە-** Glomerulonephritis
**11- غودەی گوورچیلە-**Kidney tumor
**12- کەمتر کارکردنی درێژخایەنی گوورچیلە-** Chronic Renal failure of kidney failure
**13- پاڵاوتنی خوێن-**Dyalese
**14- گۆڕینی گوورچیلە-** Kidney Transplantation
**15- سەرچاوەکان**

## بەشی یەکەم

**باسێک لە بارەی گوورچیلەکان و کاریگەریە نەرینیەکانی نە خۆشی گوورچیلەکان**
**گوورچیەلەکانت زۆر گرنگن بۆ ژیان**
**کاری گوورچیلەکان چیە و تووشی نەخۆشی گوورچیلە بوون مانای چیە؟**

جەستە یان لەشی مرۆڤ دوونیایەکی پڕ لە سرنج و تەکنیکە: هەموو ڕۆژێک لەشی مرۆڤ مادە پێکهاتەکانی بە سوود درووست ئەکات و مادەی ژەهراوی لە جەستە دا فڕێ ئەداتە دەرەوە. بۆ ئەم پرۆسەیە ووردەکاریەکی زۆر ناسکی پێویستە.

ئەگەر ئەم پاسەنگە( Balans) تێک چوو، لێرەدا کێشە پەیدا ئەبێت. ئینجا لێرەدا گوورچیلەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە.
گوورچیلەکان بەس تەنیا پاڵێوگەیەک (فیلتەر) نین: ئەوان ئەرکی خوێن پاک کردنەوەیان هەیە، هەروەها گوورچیلەکان کار ئەکەن بۆ ڕاگرتنی تەوازنی" ئاو" لە لەشی مرۆڤدا.
گوورچیەلەکان هەروەها ئەو هۆرمۆنانە دروست ئەکەن کە ئەرکی ڕێکخستنی کاری پەستانی خوێنیان بە ئەستۆوەیە ،
لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی خڕۆڵکەسوورەکانی جەستە و هەروەها بۆ ڕێکستنی مادەپێکهاتەی ناو ئێسکەکان وەک:Lime
ئەگەر گوورچیلەکان باش کار نەکەن و چارەسەری نەکرێن، کێشە و ئازارێکی زۆر بۆ مرۆڤ دروست ئەکەن و ئەگەری کۆچی بەدووا وەیە. ئینجا بۆیە گوورچیلەکان زۆر گرنگن لە ژیاندا.




1- بۆڕی گەورەی خوێنی گوورچیلە
2- Aorta
3- Vena Cava Inferior -بۆڕی گەورەی خوێن بەشی ژێرەوە)
4- بۆڕی خوێنی گوورچیلە
5- گوورچیلە-Kidney
6- بۆڕیەکانی میزهێنەرلە ناو زگ دا - Ureters
7- میزڵدان- Vesica urinaria
8- میزدۆش Urethra
9- حەوز-Pelvis

**نەخۆشی گوورچیلە**
هەزاران کەس هەن کە گوورچیلەکانیان باش کار ناکەن.ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک وەک:

- کێشەکە هەر لە پێش لە دایک بوون هەبێت
- -التهاب-Inflammation
- گوورچیلە تێکچوون بە هۆی نەخۆشیەک، بۆ نموونە نەخۆشی بەرزبوونی پەستانی خوێن- Hypertansion

یان نەخۆشی شەکرەی خوێن– Diabetes Mellitus

خۆشبەختانە هەندێک لە نەخۆشیەکانی گوورچیلە چاک ئەبنەوە بە بێ ئەوەی کە کارکردنی ئاسای گوورچیلە تێک بدەن. ئەگەر ئەوە بە ئەم شێوەیە نەبێت و بێتوو گوورچیلە بەرە بەرە کەمتر کار بکات، ئەوە پێی ئەڵێن: سستکاری دایمی گوورچیلە–Chronic kidney failure
بە وەسیلەی داو و دەرمان وداڕشتنی خشتەی خۆراکی گوونجاوی رۆژانە(پارێز)، هەوڵ دە درێت کە کارکردنی گوورچیلەکان لە حاڵەتێکی ئاسایدا ڕابگرێت. ئەگەر ئەوە نەکرا، ئەبێت کارکردنی گوورچیلە وەربگێرێت واتا نەخۆش چارەسەر بکرێت بە چارەسەریەک کە لە جیاتی کاری گوورچیلە کەی خۆی کار بکات واتا بە ئامێری گوورچیلەی دەستکرد.
چارەسەری بە گوورچیلەی دەستکرد
هێز و توواناى شاراوەی(Reserve Capacity) گوورچیلەکان یەکجار زۆرە. ئەکرێت مرۆڤ بە یەک گوورچیلە ژیان بباتە سەر.بەڵام ئەگەر کارکردنی گوورچیلە بە شێوەیەک دابەزێت کە کەمتر لە 10%بمێنێتەوە، ئەوسا جەستە–لەش تووشی گرفتی ژەهر دەبێت کە دەرەنجامی ئەو پاشماوەی مادەکانن کە لە ناو لەشی مرۆڤدا پەستاون. ئینجا خوێن دەبێت پاک بکرێتەوە یان با بڵێین ئەبێت خوێن بپاڵێورێت.ئەو کردەوەیە پێی ئەڵێن:Dialysis

**پاڵاوتنی خوێن–Dialysation**
پاڵاوتنی خوێن بە دوو شێوە ئەکرێت:
– بە ئامێری گوورچیلە ی دەستکرد–Hemodialysis
– لەPeritoneal dialysis
بە شێوەی Hemodialyse خوێن دەپاڵێورێت لە دەرەوەی لەشی مرۆڤدا، لە ناو ئامێری Dialyse دا.ئەو کردەوەیە زیاتر 3 کەرەت لە یەک هەفتەدا ئەکرێت، یەک چارەسەری(هەر جارێک) 4 تا 5 کاتژمێری ئەوێت.
لە Peritoneal dialysis بۆ پاڵاوتن لە پەردەی" زگ" خۆی کەڵک وەدەگرێت ،ئینجا بۆیە شۆردنەوەی زگیشی پێ دەووترێت.ئەم شێوەیە نەخۆشەکە ئەتوانێت لە ماڵەوەش ئەنجامی بدات، 4 تا 5 کەرەت لە رۆژدا و هەر جارێک بۆ ماوەی نیو کاتژمێر، یان لە شەودا بەردەوام.
نەخۆشەکانی Dialysis تووشی هەندێک پاشکۆ نەخۆشی و کێشە دەبن وەک: زۆر ماندوو بوون و یان خووران(ئاڵۆش)لە تەواوی لەشدا.هەروەها رێژەی ئاو لە لەشدا دەبێت سنووردار بێت و هەروەها دەبێت خشتەی خۆراکی گوونجاوی رۆژانەیان دەستنیشان بکەن؛ ئەوان دەبێت زۆر پارێز لە بەکار هێنانی خوێ بکەن. نەخۆشەکان بوواریان لە لایەن تەندرووستیەوە باشتر دەبێت ،بەڵام توواناى کارکردنی گوورچیلەکە هەر 10% دە مێنێتەوە.
پاڵاوتن یان خاوێنکردنەوەی خوێن پرۆسەیەکی زۆر بە کێشە و گرفتە(هێزی دەوێت). ئینجا بۆیە گوورچیلەیەکی نوێ دەتووانێت زۆر لە ئەم گرفتانە کەمتر بکاتەوە.
**گوورچیلە گۆڕین–Transplantation**
بە گۆڕینی گوورچیلە باری تەندرووستی نەخۆش زۆر باشتر دەبێت و نەخۆشەکە زۆر ئازادترە(بەستەراو نیە بە کێشەی ڕۆژانەی خوێنپاڵاوتن): Dialysis پێویست ناکات.
دووای گۆڕینی گوورچیلە بەکار هێنانی داو دەرمان هەر زەروریە بۆ ئەوەی کە ئەگەری (ریسک فاکتۆری) تێکچوون یان لە بەین چوونی گوورچیلەکە کەمتر بکرێتەوە.

له هۆڵەندا ئەو نەخۆشانەی کە شایانن(بۆ هەر نەخۆشێک ناکرێت یان ناتواندرێت گوورچیلەی بۆ بگۆڕن)، گوورچیلەیان بگۆڕدرێت، دەبێت ماوەی کەم یان زیاد 4،5 لە نۆبەت دا بن تا ئەو نەشتەرگەریەیان بۆ دەکرێت.ئیستا لە ئەو وڵاتەدا 1400 نەخۆش ناویان لە لیستی چاوەڕووانی دایە.

**کێشە و گرفتەکانی ناخۆش لە هۆکاری ئەم نەخۆشیە:**

زۆر لە ئەو کەسانەی کە دووچاری ئەو نەخۆشیەن، هەندێک کێشەیان بۆ دروست دە بێت وەک:

1-کەم خوێنی- Anemia

2- بەرزبوونی پەستانی خوێن-Hypertensio

3-ئەگەری زۆری بۆ تووشبوون بە چڵک(نەخۆشیەکانی کە بە هۆی میکرۆباکتەریایەکانەوە درووست ئەبن) Infection

4-کێشەی ئێسکەکان

5- خووران(ئاڵۆش) Itching

ئەو نەخۆشانە زیاتر دەرمان بەکار دەهێنن و هەروەها ڕە چاوی خشتەی داڕێژراوی خۆراکی ڕۆژانەیان دەکەن(پارێز).

دەبێت ئەوش بزانین کە Dialysis کارێکی زۆر گرانە و نەخۆش زۆر پێوەی دەبەسترێتەوە ، بەڵام گوورچیلەی نوێش هەمووکاتێک یان هەمیشە سەرکەوتوو نیە، ئەویش بە نۆبەی خۆی هەندێک گرفتی هەیە.

Dialysis زۆری کات دەوەێت و سەرقالی زۆرە لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەڕاستی ئەوە دەبێتە پیشەی ڕۆژانەی نەخۆش.

بەڵام زۆر نەخۆش هەن کە پێی ڕاهاتوونە و خۆیان گوونجاندووە لە گەڵ ئەم کێشەیە و تێیدا سەرکەوتوون.

## بەشی دووە م

**گوورچیلەکان چۆن کار دەکەن؟**

**کارکردنی گوورچیلەکان لە حاڵەتی ئاسای- Normal و لە حاڵەتی لاواز کارکردنیان**

**لە ئەم بەشەدا هەندێک زانیاری روون ئەکرێتەوە لە سەر چۆنیەتی کارکردنی گوورچیلەکان. هەروەها بە شێوەیەکی گشتی باسی دوواکێشەکانی ئەم نەخۆشیە ئەکرێت کە ئەگەر گوورچیلەکان بە باشی کاری خۆیان نەکەن و گرنگترین نیشانەکانی نەخۆشی گوورچیلەکان چین؟**

**گوورچیلەکان کەوتوونەتە کوێ Anatomy**

بە ئاسای مرۆڤ دوو گوورچیلەی هەیە. گوورچیلە ئۆرگانێکە کە شێوەی فاسۆلیایەکی هەیە و درێژای کەم یان زیاد CM12 و کێشی کەم یان زیاد 160 گرامە.

گوورچیلەکان کەوتوونەتە پشتەوەی جەستە، لە ناوەڕاستی بەشی جەستەدا.هەر گوورچیلەیەک شاردراوەتەوە لە ناو سەرینۆکەیەکی چەوریدا لە سەر ماسوولکەکانی ناوەوەی پشت. بەشی سەرەوەی گوورچیلە کەوتۆتە ژێر پەراستووەکان.

لە گوورچیلەکاندا میز درووست دەبێت کە لە ڕێگای بۆڕیەکانی میزبەری ناو زگدا دێتە ناو میزڵدان. میزڵدان کە وەک فتبۆل(میزڵانی مناڵان) کە بە گوێرەی ڕێژەی میز خۆی دەکاتەوە(ئاوسان).

میزڵدان ماسوولکەی لووسی هەن کە کاتێ میزکردن خۆیان ڕادەکێشن.
گوورچیلەکان خوێن لە بۆڕی گەورەی خوێن(بۆڕی سوور)–Arthery کە ئەویش لاخێکە لە بۆڕیە گەورەکەی خوێن لە لەش Aorta. ئینجا ئەو خوێنە ئەبێت پاک بکرێتەوە–بپاڵێورێت. خوێنە پاک کراوەکە گوورچیلە بە جێ دەهێڵێت بە ڕێگای بۆڕی خوێنی گوورچیلەوە کە ئەویش دێتەوە ناو بۆڕی خوێنبەری لەش بەشی ژێرەوە واتا Vena Cava Inferior .

## کاری گوورچیلەکان

**گوورچیلە سێ ئەرکی گرنگی هەیە:**

- **لابردنی پاشماوەکان**

لە لەشی مرۆڤدا مادەکانی جۆراوجۆر بەرهەم دێن. تۆ دەتووانی جەستەی مرۆڤ وەک گارگەیەک تێبڕوانی.
لێرەدا زۆر مادەی باش بەرهەم دێن و دەرەنجام هەندێکیش پاشماوە دەمێنێتەوە. گوورچیلەکان ئەو پاشماوە لا دەبەن لە لەشدا و ئەو پێکهاتانەی کە ئەوانە بۆ نموونە خوێ و ترشی زیادەی جەستەن.

- **ڕێکخستنی تەوازنی ئاوی لەش**

جەستەی مرۆڤ بریتیە لە 80% ئاو.
گوورچیلەکان ئەرکیان هەیە کە بەردەووام پێکهاتەی(تەرکیب) ئاوی لەش و ڕاگرتنی ڕێژەکەی ئاو–تەڕای لە ناو جەستەدا ڕێک بخات.
بە ئەم شێوەیە گوورچیلەکان کار دەکەن کە لە حاڵەتی جۆراوجۆردا(بوواری) یان لە گۆڕانکاریەکان دا بتوانێت ئەوەی پێویست بێت بیکەن:بۆ نموونە ئەگەر هەوا گەرم یان سارد بێت، ئەگەر ئارەقەی زۆر یان کەم کردن یان ئەگەر ئاو زۆر یان کەم بخووریتەوە.

- **بەرهەم هێنانی هۆرمۆنەکان**

بێجگە لە لابردنی پاشماوەی جەستە و ڕێکخستنی ئاوی لەش گوورچیلەکان هەروەها هەندێک هۆرمۆنی زۆر گرنگ درووست دەکەن. ئەو هۆرمۆنانە کاریگەریان هەیە لە سەر ڕێکخستنی کێشەی زەختی خوێن، مادەپێکهاتەی ناو ئیسک(چەسپ–Lime ) و بەرهەم هێنانی خڕۆڵکە سوورەکانی خوێن.

**پرۆسەی پاڵاوتن و چۆنیەتی درووستبوونی میز**

پاڵاوتنی خوێن لە ناو گوورچیلە دا دوو پرۆسە هەنگاوە .
هەنگاوی یەکەم
لە ناو فیلتەر دایە. ئاو و مادە پێکهاتە شلەکان کە تێکەڵ بوون بە فیلتەردا تێدەپەڕن، بەڵام پرۆتەین و زەڕەکانی خوێن تێناپەڕن. بە ئەم شێویە پێشمیز درووست ئەبێت.ئەوەش بێجگە لە پاشماوەکان هەروەها هەندێک مادەی باشی بە خۆوە گرتووە.
هەنگاوی دووەم
گەیاندنی ئەو مادەپێکهاتە بە سوودانە و ئاو بۆ ناو خوێن. لە ڕێژەی کەم یان زیادی پێشمیز کە 150 لیترە تەنیا 1،5 دەمنێتەوە کە وەک" میز" لە لەشدا دێتە دەرەوە. گوورچیلەکانی ساغ بە ئەم شێوەیە

خوێن پاک ڕادەگرن و ڕێژەی تەڕای لەش ڕێک دەکەن و پێکهاتەکەشی(تەرکیب) هی ئەو تەڕاییە(شلەیە) بە بەردەوامی لە چێر کۆنترۆڵ دایە.

**سستکاری – لاوازبوونی گوورچیلەکان**

هەندێک ل ەنەخۆشیەکانی گوورچیلە بە بێ ئەوەی کە زیان با گوورچیلە بگەیەنن چاک دەبنەوە. هەنذیک لە نەخۆشیەکانی گوورچیلەش هەن کە هۆکاری سستکاری گوورچیلەن و گوورچیلە بەرە بەرە کەمتر کار دەکات و دەبێتە نەخۆسی دایمی(مزمن-( Chronic ).

نەخۆشیەکانی گوورچیلە بەس فیلتەری گوورچیلە یان بۆڕیەکانی گوورچیلە تێک بدات. بە شێوەیەکی گشتی زیاتر بە تەواوی Nephron ( گوورچیلە بریتیە لە کەم یان زیاد یەک میلیۆن ژمارەی کارا کە نەفرۆنی پێ دەگووترێت) تێک دەچێت.

ئەگەر تێکچوونەکە-کێشەکە لە فیلتەری گوورچیلە دابێت ئەوا زیاتر کێشەی لە دەستدانی پرۆتەین لە گەل میز پەیدا دەبێت.

ئەگەر کێشەکە لە بۆڕیەکانی گوورچیلە دابێت ئەوا بەتایبەتی توواناى خەست کردنەوەی میزتێک دەچێت.

لە هەردوو حاڵەتدا لە ئاخیردا Nephron تێک دەچێت.

گوورچیلەکان توواناکەی شاراوەی بەرچاویان هەیە.ئەوەش لە وەوە دیار ئەکات کە مرۆڤ توانییویەتی بە یەک گوورچیلەش ژیان بباتە سەر.

کێشەکان بۆ هۆی سستکاری گوورچیلە دێنە گۆڕێ کە ئەگەر 60-80 % ی لە Nephron لە کار کەوتبێت.

ئینجا مرۆڤ پێی ئەڵێت: Renal failure or kidney failure .دەرەنجامی ئەوە کۆمەڵێک مادەی ژەهراوی کۆ دەبنەوە و پەستان دەکەن لە ناو لەشدا و بەئەم هۆیەوە مرۆڤ نەخۆس دەکەوێت. ئەگەر 85-95% ی لە Nephron لە کار کەوتبێت، ئەوسا وەرگرتنی کار گوورچیلە زەرووریە( Dialaysis or Kidney transplantation ) واتا پاڵاوتن یا پاک کردنەوەی خوێن بە ئامێری گوورچیلەی دەستکرد یان گۆڕینی گوورچیلە بە دانانی گوورچیلەیەکی تر.

چۆنکە گوورچیلە توواناى شاراوەشی زۆرە (Reserve Capacity )ئینجا نەخۆشیەکە زۆر لە سەرخۆیە و تا ماوەیەکی دریژ هیچ کێشەیەکی واها دیار نیە و بەرە بەرە کێشەکانی وەدەر دەکەون. بە ئەنجامدانی توێژینەوەی لە تاقیگادا دەر دەکەوێت کە گوورچیلە تووشی سستکاری بووە یان نە.

**کێشە یان ئازار نەخۆشی گوورچیلە**

زۆر لە ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی گوورچیلە بوون لە سەرەتا دا هیچ کێشە یان نیشانەیکیان نیە یان پێوە دیار نیە.

بە پێچەوانەش هەندێک کێشە و نیشانە هەن کە وەک کێشەی نەخۆشی گوورچیلە دەچن. بۆیە هەندێک جار زۆر سەختە کە نەخۆشی گوورچیلە لە سەر بنەمای هەندێک ناخۆشی-کێشە ی گوورچیلە دیاری بگرێت(Diagnose ).

بە توێژینەوەی میز و خوێن لە تاقیگەدا دتوواندرێت بزانن کە تا چ ڕادەیەک کێشەکان-ناخۆشیەکانی پەیوەستن بە نەخۆشی گوورچیلە.

هەندێک نەخۆشی لە خۆیانەوە چاک دەبنەوە و هەندێکیان بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن و هەندیکیان بەرە بەرە بەرەو تەشەننا بوون دەڕۆن و دەبنە نەخۆشی دایمی(مزمن-Chronic ) وەک نەخۆشی Chronic renal failure .

## کێشە و نیشانەکان

### ڕاوەستانی ئاو لە ناو لەشدا

ئەوە نیشانەیەک لە نیشانەکانی نەخۆشی گوورچیلەیە. ڕاوەستانی ئاو لە لەشدا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کێشە لە ناو فیلتەری گوورچیلە دا. کۆبوونەوەی ئاو لە لەشدا وا دیارە کە دەست و باسک و پێیەکان و دەم و چاو پێوەی دیارە.

هەندیک نەخۆشیش هەن کە هیچ پەیوەندیەکیان لە گەڵ ئەم نەخۆشیە نیە و بەڵام ڕێک ئەو نیشانانەشیان هەنە.

### بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر میز کردن

لە نەخۆشی گوورچیەلەدا کە کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری تێکچوونی بۆڕیەکانی میزلە ناو زگ دا، مێکانیزمی خەستکردنەوە ی میز تێکچووە و بە شێوەیەکی گشتی بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر میز بەرهەم دێت.

### زوو زوو میز کردن

هەر کەسێک ڕێژەیەکی زۆر میزبێت، میزەکەش زوو زوو دەکات. زۆر جاریش زوو زوو میز کردن بە هۆی چڵکی بوونی ڕێگای میزە( گوورچیلە، بۆڕیەکانی میز،میزڵدان و بۆری بەشی خوواریی کە میز دەهێنێتە دەرەوە) واتا:

Cystitis&Urethritis . میزکردن لە ئەم حاڵەتەدا زۆر بە ئازارە. ئەگەر بێتو شەوانە لە ناکاو زوو زوو هەڵستی لە خەو بە بێ ئەوەی کە پێشتر خوواردنەوەت زۆر خوواردبێتەوە، ئەگەری کێشەی میزڵدان و گوورچیەکان و هەروەها لە پیاوان دا ئەگەری کێشەی پرۆستات هەیە.

### میزی نائاسای

میز لە بنەڕتدا بێ بۆنە. ئەگەر میز بۆنی لێ هات ئەوە ئەگەری پیس-چڵکی بوون هەیە لە میزڵدان و ڕێگاکانی میزدا.

میزێک کە زۆر کەفی لە گەڵ دا بێت ئەوە دیارە کە بە ئاشکرا پرۆتەین لە دەست دەدات بە هۆی تێکچوونی فیلتەری گوورچێلە.

ڕەنگی میز هەندێک جار زۆر ژیاوازە.میزی خەست هەندێک تاریکە(مەیلاو قاوەی کاڵ). میزی زۆر تاریک نیشانەی ئەوەیە کە خوێنی تێدایە.

### ئازار

نەخۆشیەکانی ناو گوورچیلە خۆی هەرگیز ئازار درووست ناکەن. ئازار لە کاتێ میز کردەن و یان ئەگەر ئازار لە دەوروبەری گوورچیلە دابوو ئەوە نیشان دەدات کە ڕێگاکانی میز چڵکی بووە.

قۆڵنجی گوورچیلە ئازارێکی قووڵە لە دەور و بەری گوورچیلە دا کە زۆر جار خۆی ڕادەکێشێتە لای ئۆرگانی جنسی مرۆڤ.ئەوە هەمیشە نیشانەی بەردی گوورچیلەیە.

### بەرزی پەستانی خوێن

بەرزی پەستانی خوێن ئەکرێت بە هۆی نەخۆشیەکانی گوورچیلە بێت. ئەوەش ئەگەڕێتەوە سەر بەرهەم هێنانی ئەو هۆرمۆنانەی کە کار دەکەنە سەر بەرزبوونەوەی زەختی خوێن لە او گوورچیلەی نە ساغدا. بە پێچەوانەش ئەکرێت کە بەرزبوونی پەستانی خوێن، مرۆڤ تووشی نەخۆشی گوورچیلە بکات.

**نیشانەکانی گشتی لە حاڵەتی سستکاری گوورچیلەدا**
ئەگەر نەخۆش کێشەی سستکاری گوورچیلە هەبوو، ئەوا نەخۆشەکە هەست بە **ماندووبوونێکی** زۆر دەکات و هێزی کەمتر دەبێتەوە و جووڵانەوەی کەمتر ئەبێتەوە.یەکیک لە هۆکارەکانی ئەم کێشەیە ئەوەیە کە **خڕۆڵکەسوورەکەنی** ناو خوێن کەمتر بەرهەم دێن.ئەوەش بە ڕێگای هۆرمۆنێکی تایەبت کە لە ناو گوورچیلەدا بەرهەم دێت درووست دەبن.
تێکچوونی بەرهەمی هۆرمۆن کە گوورچیلە درووستی ئەکات، هەروەها کێشە لە ناو **ئێسکەکانیش** درووست ئەکات.
کێشەیەکی تر کە کێشەی **فەرامۆشیە**(لە بیرچوونەوە) یان کز بوونی هێزی بیر-هزر، کێشەی **دڵتێکهەڵاتن**،کێشەی **خووران**(ئاڵۆش)، **قۆڵنجی ماسوولکەکان** و وشکیەکی بەرچاوی **پێست.**
نەخۆشەکە ئامادەی باشی هەیە بۆ گرتنی نەخۆشیەکانی چڵکی Infection .کەم کەمە کێشەی پاسەنگ(باڵانس) ئاویش لە لەشدا پەیدا دەبێت. ئەوەش دەبێتە هۆکارێک بۆ کۆبوونەوەی ئاو-تەڕای لە لەشدا و یان وشک بوونەوەی لەش.
ئەم کێشانە مەرج نیە کە هەموو نەخۆشەکانی کە نەخۆشی گوورچیلەیان هەیە بیان گرێتەوە، لە وانەیە کە ئەو نیشانانە دەرەنجامی نەخۆشیەکی تریش بن.

## بەشی سێیەم

**توێژینەوەکان لە بارەی گوورچیلەکان**
**کام توێژینەوە هەن و ئەوان بۆ چین؟**

بۆ دیار کردنی زەمینەی نەخۆشی گوورچیلە و ئەو نەخۆشییە تا چ ڕادەیەک ڕۆیشتووە دیار بکرێت، هەندێک توێژینەوە پێویستن.
لە تاقیگەدا مرۆڤ  توێژینەوە لە سەر خوێن و میز دەکات. هەندێک جار پارچەکی زۆر بچوک لە نەرمەی گوورچیلە لێ دەکەنەوە و توێژینەوەی لە سەر دەکەن.

**توێژینەوە**
بۆ دۆزینەوەی نەخۆشی لە گوورچیلەکاندا پزیشک پێویستی بە  هەندێک توێژینەوە لە سەر میز و خوێن هەیە. ئەگەر ئەنجامەکەیان ئاسای/باش نەبوو ئەوا دکتۆر نەخۆشەکە دەنێرێت بۆ لای دکتۆری پسپۆر بۆ توێژینەوەی فراوانتر.

ئەو پزیشکە پسپۆرانەی کە لە بارەی گوورچیلە باش بزانن،ئەوانەن: Internist, Nephroloog ,Uroloog .

Internist پزیشکی پسپۆرە لە نەخۆشیەکانی داخیلی کە یەکێک لە ئەم نەخۆشیانە نەخۆشی گوورچیلەیە.

Nephroloog پزیشکی داخیلیە کە خۆی تەرخان کردووە بەس بۆ نەخۆشی گوورچیلەکان.

Uroloog کە پزیشکێکی نەشتەرگەرە و تایبەتمەندی هەیە لە بەشەکانی گوورچیلە و ڕێگاکانی میزەڕۆ دا.

بۆ کام پزیشکی پسپۆرە دکتۆرەکەت بتنێرێت ئەوا پەیوەستە بە گوومانی کە هەیەتی و کامە نەخۆشیەی کە گوورچیلە هەیەتی.

پێشەکی لە لای پزیشکی پسپۆر بە تەواوی لە بارەی کێشە و ڕابردووی نەخۆشیەکە باس دەکرێت، هەروەها پزیشکەکە پشکنینی لەش دەکات.دوواتر دیسان پزیشک خوێن و میز دەنێرێت بۆ توێژینەوە.
هەروەها هەندێک توێژینەوەی تریش ئەنجام دەدرێن کە میزڵدان و ڕێگاکانی میزەڕۆ و گوورچیلەکان دەبینرێن. ئەگەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکان دیاری کران، ئەوا دەگەڕێیتەوە بۆ لای پزیشکە پسپۆرەکە تا ئەنجامەکان شێی بکرێنەوە.ئینجا بە گوێرەی ئەنجامی ئەووانە بڕیار دەدرێت کە نەخۆس پێویستی بە توێژینەوەی تر هەیە یان نە.




**توێژینەوە لە تاقیگەدا**

لە تاقیگەدا مرۆڤ توێژینەوە لە بارەی میز و خوێن دەکات. ئەنجامەکانی توێژینەوە دەستنیشان دەکەن کە تا چ ڕادەیەک کارکردنی گوورچیلەکان تێک چوون.هەروەها ئەنجامەکان زانیاری بە دەست ئەدەن لە بارەی چۆنییەتی نەخۆشییەکە و هۆیەکانی ئەگەری نەخۆشی گوورچیلە بۆ ئەوەی کە بە تەواوی دەستنیشان بکرێت.

**توێژینەوە لە بارەی خوێن**

دوو مادە پێکهاتەی کە لە ناو خوێن دا چۆنیەتی کارکردنی گوورچیلەکان دەستنیشان دەکەن ئەم مادانەن: Creatinine&Urea

ئەو دوو مادانە پشکۆن لە ناو خوێندا کە لە حاڵەتی ئاسایدا بە گوورچیلەدا تێدەپەڕ.ئەگەر گوورچیلە کەمتر کار بکات ئەوە ئەو مادانە لە ناو خوێندا دەمێننەوە.هەرچەند Creatinine&Urea لە ناو خوێندا زیاتر بێت ئەوە ئەوەندە کارکردنی گوورچیلە کەمتر دەبێت.ئەنجامی تاقیکردنەوەی خوێن بەراستی هیچ زانیاریەک لە بارەی هۆکارەکانی نەخۆشبوونی گوورچیلە نادات.بە گوێرەی کێشە و ئازار و نیشانەکانی ئەو نەخۆشیە و ئەنجامی پشکنینی جەستە ئەبێت هێشتا هەندێک توێژینەوە ی تایبەتی لە بارەی خوێن بکرێت.

**توێژینەوە لە بارەی میز**

لە تاقیگەدا مرۆڤ توێژینەوە دەکات لە سەر خوێن بۆ ئەگەری هەبوونی مادەکانی وەک:پرۆتێین،شەکرە،و خوێن لە ڕێگای Teststrip وە.

لە حەلاتی ئاسایدا ئەو مادانە لە ناو میزدا نین.هەروەها میز لە ژێر میکرۆسکۆپ سەیردەکرێت..ئەگەر میزەڕۆ پیس بووبێت Infaction ئەوە میز دەنێژرێت(زەرع) بۆ ئەوەی جۆری باکتریایەکە هۆکاری نەخۆشییەکەیە بدۆزرێتەوە.

لە ماوەی 24 کاتژمێردا ڕێژەیەک میز درووست دەبێت. توێژینەوە بە ئەو ڕێگایەیش دەکریت، ئەو ڕێژە میزە 24 کاتژمێریە بە شێوەیەکی جیاوازە لە توێژینەوە لە ڕێگای خوێن. ئەو جۆرە توێژینەوە زانیاری زۆر گرنگ دەدات بە پزیشک بۆ ئەوەی بزانێت کە گوورچیلە لە ماوەی 24 کارژمێردا تا چ ڕادەیەک توانای هەیە پاشماوەکان لە ناو خوێن جیا بکاتەوە.لە ڕێگای Tsetstrip وە بەس دەزاندرێت کام مادانە لە ناو خوێندان بەڵام توێژینەوە لە ڕێگای میزی 24 کاتژمێری بەتەواوی ڕێژەکە پاشماوەکان دەستنیشان دەکات،بۆ نموونەProtein 150 mg جیا بکاتەوە لە 24 کاتژمێردا ڕێژەیەکی ئاساییە.

**Medical Imaging**

لە ڕێگای medical imaging وە نائاسایەکانی گوورچێلە و ڕێگاکانی میز دەبیندرێن.ئەگەر ئەو توێژینەوە بەرئاورد بیکەین لە گەڵ توێژینەوە لە تاقیگەدا، کە لە وێ زیاتر بەتایبەتی خەریکی دەستنیشانکردنی چۆنیەتی کارکردنی گوورچیلە بە شێوەیەکی گشتییە، بەڵام ڕێگای medical imaging وە بەتایبەتی خەریکی دیارکردنی هۆکارەکانی تایبەتین و نائاساییەکان.ئەوانە بە یەکەوە با شێوەیەکی گشتی زانیاری ئەدەن بۆ دیاری کردنی هەبوونی نەخۆشیەکە..

سێ جۆرە medical imaging هەن کە کار دەکەن بۆ دیار کردنی نەخۆشی گوورچیلەکان و ڕێگاکانی میز:وەک

- Medicalultrasonography
- Radiography
- Isotopenscan

**Medicalultrasonography**

لە ڕێگای ئەو توێژینەوەیە ئیستیفادە لە ئامێرێک دەکرێت کە مەوجی دەنگ دەنێرێت. ئەو مەوجانە لە جەستە دەدرێن و بەخێرای دەگەرێنەوە و دەبن بە وێنە.بە ئەم شێوەیە دەتواندرێت گوورچیلە لە سەر Monitor بدیترێت.




**Echo van de nier**

De geluidsgolven zijn op het orgaan gericht en de door de nier teruggekaatste geluidsgolven worden vastgelegd. De nier is te zien als het donkere gedeelte, de nierkelkjes als het witte gedeelte daarin.

Radiography

لە ئەو تەکنیکەدا مرۆڤ ئیستیفادە لە مادەیەکی رەنگی دەکات بۆ ئەوەی وێنەکان درووست بکات. لێرە دا سێ جۆرە ڕێگە توێژینەوە هەیە بۆ دەرخستنی نەخۆشی گوورچیلە:

( Intra Veneus Pylogram) IVP

لە ئەم تەکنیکەدا پێشان مادەیەکی ڕنگی بە ڕێگای دەرزی لە دەست دەدرێت(تەزریق لە بۆری خوێن)، دووای کەم یان زیاد سێ چارەگ ئەم مادەڕنگینە دەڕواتە ناو گوورچیلەکان، ڕێگاکانی میز و میزڵدان.ئینجا دەست بە گرتنی وێنە دەکرێت.

دووای کە ئەم مادە ڕەنگینە هاتە ناو لەش ، لەوانەیە هەستێکی ناخۆش بە نەخۆس بدات .ئەوەش بۆ ماوەیەکی زۆر کوورتە.هەندێک جار پشتوێندێکی پان لە ناوقەد دەبەسترێت بۆ ئەوەی ئەو مادە ڕەنگییە لە ناو گوورچیلە دا ڕبگیرێت.مرۆڤ هەست بە گرتنی وێنە ناکات.




**Intraveneus pyelogram**

Het nierbekken (P) en de urineleider (U) zijn zichtbaar gemaakt door het ingespoten contrastmiddel.

## Mictie–Cystogram

ئەم تەکنیکە زانیاری لە میزڵدان و ڕێگاکانی میز ئەداتە بەر چاو لە کاتێ میزکردندا. مرۆڤ لە ڕێگای سۆندەیەکی باریکەوە کە بە ناو میزدۆش دا دەباتە ژوورەوە و بە گوێرەی پێویست مادەی ڕەنگی لەناو میزڵدان دەکات.هەر کاتێ میزڵدان پڕ بوو ، ئینجا سۆندۆکەکە دەهێنرێتە دەرەوە. بە دووای ئەوەدا داوا لە نەخۆش دەکرێت کە میز بکات.

لە کاتێ میزکردندا دەست بە وێنەگرتن دەکرێت.

سۆندە بردنە ژوورەوە هەندێک هەستی ناخۆش دەدات بە مرۆڤ(نەخۆش)، ئەوەش ماوەیەکی زۆر کوورت دەخایەنێت و لە پێش ئەوە هەندێک جەلی(Jel ) سڕکەری لێ دەدرێت. توێژینەوەکە کەم یان زیاد ماوەی نیو کاتژمێر دەخایەنێت.



**Mictie-cystogram**
Met röntgencontrast gevulde blaas voor mictiecystogram.

## CT–scan

بە تەکنیکی CT–Scan(Computerized Tomography) سەرچاوەیەکی زۆر لە تیشکی Röntgen لە سەر بەشەکەی کە توویژینەوەی لێ دەکرێت دەجوولێتەوە. ئینجا کۆمپیتەر وێنەیەک هەڵدەگرێت و نیشان دەدات لە ئەو بەشەی کە Scan ی کردووە.

بە ئەم شێوەیە جاری وایە زانیاری بچووک و گرنگ وەدەست بهێندرێت کە ئەو زانیاریانا بە ڕێگای Echo&IVP نابیندرێن. هەروەها دەورووبەری گوورچیلەس بە باشی دەبیندرێت.

بۆ ئەنجامی ئەو تەکنیکەش مادەی ڕەنگیContrast پێویستە. ئەو توێژینەوەیە ماوەی چارەگە کاتژمێر دەخایەنێت و نەخۆش هەستی پێ ناکات.




CT-scan

Een CT-scan van de nieren en omgeving. K: de nieren; S: de wervelkolom.

## Isotopenscan

لە ڕێگای Isotopenscan وە نەخۆش لە ڕێگای دەرزیەوە هەندێک (زۆر کەم) لە مادەی Radioactief وەردەگرێت.ئەوەش خۆی لە ناو گوورچیلە و ڕێگای میز دا کۆ دەکاتەوە. ئینجا دوای نیو کاتژمێر مرۆڤ هەندێک وێنە بە کامیرەی تایبەت هەڵدەگرێت.

لە ڕێگای تەکنیکی isotopenscan ەوە گۆڕانکاریەکان/نائاسایەکان دەبیندرێن کە ئەوان لە ڕێگای IVP نابیندرێن.

ئەم توێژینەوە ئازارێکی وای نیە،بێجگە لە هەستکردن بە دەرزیەکە کە لە بۆری خوێن هی دەست دەدرێت و ئەو مادە ی

Radioactief کە بەکار دێت، بێزیانە، ئەو مادەیە لە ناو لەشدا بێزەرەر دەکرێت و بڵاو دەبێتەوە.




Isotopenscan

Dit plaatje toont een afbeelding van beide nieren (N) en de blaas (B).

N : گوورچیلەکان

B: میزڵدان

**Kidney Biopsy**

بۆ ئەوەی ووردەکاریەکانی نەخۆشی گوورچیلە دیاری بکرێت، هەندێک جار پێویستە بەشێکی (پارچەیەکی زۆر چووک– Biopt)لە گوورچیلە لێی دەکەنەوە. ئینجا پزیشکێکی تایبەت (پسپۆر) ئەو پارچەیە دەخاتە ژێر Microscoop .

ئەم پارچەیە بە ڕێگای دەرزییەکەی تایبەت کە لە پێستەوە یەکسەر لە گوورچیلە دەدرێت، لێ دەکرێتەوە. ئەوە کردەوەیە نەشتەرگەریەکی بچووکە، کە بە شێوەی سڕکردنی شوێنی (گوورچیلە) دەکرێت. بۆ دڵنیای نەخۆشەکە ڕۆژێک دەمێنێتەوە لە نەخۆشخانە لە ژێر چاودێری، چۆنکە هەندێک جار ئەگەری بەربوونی خوێنی هەیە.


سەرچاوەکان:

ک/ U en Uw gezondheid نووسینی Drs.Sandra Schrooyen& Drs. Luc De Vries

www.nierstichting.nl

www.wikipedia.com



Gulala Pshdery

02/07/2007

Nederland

Goli–67@hotmail.com